# ڕۆڵی بەڕێوەبەر لەسیستەمی نوێی پەروەردە لە گەشەپێدانی پرۆسەی خوێندن لای مامۆستایانی بنەڕەتی لە ناوەندی شاری سلێمانی

**ئەژی حەمە قازی**

بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەدەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی،سلێمانی،هەرێمی کوردستان،عێراق.

ئیمەیڵ: azhi.qazi@unvisul.edu.iq

**کوردستان محمد ئازاد حسن**

بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەدەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی،سلێمانی،هەرێمی کوردستان،عێراق.

ئیمەیڵ: kurdrdistan.azad@univsul.edu.iq

## کورتەی توێژینەوە:

توێژینەوەکە پێکدێت لە چوار بەش بەشی یەکەم ناساندنێکە بۆتوێژینەوەکە، کە ئامانج و گرنگی و سنور و پێناسەی چەمک و زاراوەکانی تایبەت بەتوێژینەوەکەیە. بەشی دووەم پێکدێت لە چوارچێوەیەکی تیۆری تایبەت بە کێشەی توێژینەوەکە کە پێکدێت لە چوار تەوەرە ئەوانیش چەمکی بەڕێوەبەر، ڕۆڵی بەڕێوەبەر، ڕۆڵی بەڕێوەبەر لە سیستەمی نوێی خوێندن، توێژینەوەکانی پێشترکە پێکدێت لە سێ توێژینەوەی نزیک بە ناونیشانی توێژینەوەکە، بەشی سێهەم پێکدێت لە ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە، بەشی چوارەم پێکدێت لە خستنەڕوی ئەنجام و دەرئەنجام و پێشنیازەکان.ئامانج لەم توێژینەوە دەرخستن و زانینی ڕۆڵی بەڕێوبەرەکان لەسەر گەشەپێدانی پرۆسەی فێربوون لە خوێندنگا بنەڕەتییەکان لەناو شاری سلێمانی لە ڕوانگەی مامۆستایان ، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) توێژەران پشتیان بەستووە بە پرۆگرامی وەصفی ڕوپێوی بەپێی سروشتی توێژینەوەکە، کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکدێت لە سەرجەم مامۆستایان لە هەردوو پەروەردە (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) کە ژمارەیان (١٢٤٦) مامۆستایە،لەو ژمارەیە (١٨٥)مامۆستا وەک نموونەی توژینەوەکە لە هەردوو پەروەردەکە، هەروەها دوای گەڕان بە ناو سەرچاوەو توێژینەوەکانی هاوشێوە. فۆرمی ڕاپرسی (پرسیارنامە)درووست کرا کە بەکارهات بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان لە نموونەی توێژینەوەکە، ناوەڕۆکی فۆرمی ڕاپرسییەکە لە لە (٥٢) بڕگە پێکهاتووە لە چوارتەوەرە وەک ( سیتەمی بەڕێوەبردن،گەشەپێدانی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

مامۆستایان،گەشەپێدانی فێرخوازان،لایەنی پەیوەندیدار بەکەس وکاری فێرخوازان)، تـوێژەران دوای ئامادەکردنی ئـامرازەکە و دەرهێنانی ڕاستی ودروستی پێوەرەکە(٠.٨١)بە پێی ڕای شـارەزایان وپسپۆڕان .دواتر جێگیری بۆ ئامرازەکەیان وشێوازی دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەیان بەکارهێنا وبەپێی هاوکێشەی پێرسوون نرخی جێگیری ئامرازەکە (٨٤ )، دواتر جێبەجێکرا بەسەر نمونەی ڕەسەنی توێژینەوەکە ، پاش گەڕاندنەوەی ئامرازەکەوبەتاڵکردنەوە و شیکردنەوەی بە بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری ناوەندی شیاو کێشی سەدی و پلەبەندی ئەنجامی توێژینەوەکەئاشکرابوو.لەگەڵ شیکردنەوەی گۆڕاوی (جیاوازی بۆچونی مامۆستایانی پەروەردەکان)بە بەکارهێنانی بەرنامەی (spss) .بەمەبەستی دەرخستنی جیاوازیەکە، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە بەڕێوبەر ڕۆڵی لە سێ لەتەوەرەکان باش و پۆزێتف بوو (لە بەڕێوەبردن، گەشەپێدانی مامۆستا .لایەنی پەیوەندیدار بە کاسو کاری فێرخوازان ) بەلاّم لەسەر گەشەپێدانی فێرخوازان ڕۆڵی لاوازە. هەروەها بۆچوونی مامۆستایانی هەردوو پەوردەکە(ڕۆژهەلاّت - ڕۆژئاوا) جیاوازیان نەبوو.

**کلیلە وشەکان:** ڕۆل، بەڕێوەبەر،سیستمی نوێ خوێندن.

## بەشی یەکەم

## ناساندنی توێژینەوەکە

### ١-١کێشەی توێژینەوەکە:

لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا جیهان هەنگاوێکی گەورەی نا لەسەرجەم بوارەکانی ژیان، ئەوهەنگاوە بەجۆرێکە ڕۆژانە داهێنانی جۆراوجۆر لەبوارە جیاوازەکاندا دەبینرێت، بەم شێوەیەش ڕەنگە زیادەڕۆی نەبێت کەبڵێن هەندێک سەردەمی ئێستای مرۆڤایەتی بەقۆناغی شۆڕشی زانیاری ناوزەد دەکەن، ئەوداهێنان و گۆڕانکاریانە بواری پەروەردەشی گرتووەتەوە، ئەمەش لەسەر کۆمەڵگاکانی پێویست کردوە سیستەمێکی پەروەردەی نوێ و گونجاو پەیڕەوبکەن کەهاوشانی ئەو گۆڕانکاریانە ڕێبکات. (سیوەیلی:٢٠١٤، ٥)

لەسەر ئاستی ڕۆژئاوا و لە سەردەمی ئێستادا فێرکاران هزری نوێیان لەبواری نوێکردنەوەو فێرکردندا هێناوەتە گۆڕێ کە ئەگەرچی هەندێکیان شێواز وڕوانینی تایبەت بەخۆیان هەیە، بەلاّم توخمێکی هاوبەش کە لە ڕوانگەکانی ئەواندا بەدی دەکرێت بریتیە لە گرنگیدان بە هەبوون و بایەخی مرۆڤ و کەش وهەوای دامەزراوە فێرکارییەکان و قوتابخانەکان.(وریا:٢٠٠٥، ١٣٢)

هەربۆیە پەروەردە بوویە پێداویستییەکی سەرەکی سەرجەم مرۆڤایەتی، بەبێ جیاوازی (نەتەوە، ڕەگەز، ئاین، نەژاد، زمان، ناوچە) هاوکات پێویستە پرۆسەی فێربوون و فێرکردن بەخێرای و کەمترین هەوڵ و تێچون بگات بە هەموو ئەوکەسانەی ویست وئارەزووی فێربوون و بەشداریکردنیان هەیە، ئەگەرچی زانیاری ومەعریفەی نوێ لەئەنجامی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

داهێنان و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بەخێرای بەهەمموو تاکێک دەگات کەمەبەست وئارەزووی فێربوونی هەبێت یان ئارەزو ویستی دەستکەوتنی زانیاری و مەعریفەی نوێی هەبێت، هەروەها ناوەندەکانی خوێندن و دامەزراوەکانی پرۆسەی پەروەردە زۆرفراوان و فرەڕەهەندن، هاوکات ئاراستەوئامانجەکانی پرۆسەی پەروەردە بەردەوام لەفراوانبووندایە.(قادر:٢٠١٨، ٢٣)لەسەر ئاستی کوردستانیش بەوپێیەی پەروەردە یەکێکە لەکەرەستە سەرەکییەکانی بنیاتنانی مرۆڤ و بەهۆی پرۆسەی پەروەردەکردن و لەڕێگەی دامەزراوگەلی جۆربەجۆرەوە بەدەستدێت کەفێرکردنی ڕەسمی گرنگترین کەناڵیەتی، بۆ بنیاتنانی سیستمێکی پەروەردەی داهاتوخواز لەجیهانیکی کارلێککراودا نابێت لەخاڵی سەرەتای ئەزموونی میللەتانی پێشکەوتووی دونیاوە دەستپێبکەین، بەڵکو دەبێت سود لەوسیستەمی پەروەردەکردنی میلەتانی دیکە وەربگرین کەئیمڕۆ کاریان پێدەکریت، بەوپێیەی ئەوان ئەزموونی مرۆڤایەتین دەکرێت بەڕەچاوکردنی خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و ئاستی گەشەکردنی سودیان لێوەربگیریت.(عبدالكريم: ٢٠٠٩،٩)

بۆیە سیستەمی فێرکاری سیستەمێکی ئاڵۆز و گرنگە لەبەر ئەوە هەرکۆمەڵگەیەک سیستەمی فێرکاری لەتەنگژەدابێت، کۆمەڵگەیەکی پڕگیروگرفت دەبێت، بەداخەوە سیستەمی فێرکاری لەکوردستاندا بەهۆی ساڵانێکی زۆری سیاسەتی سەرکوتکردن و دیکاتاتۆرییەوە وەک پێویست نییە(قەرەداغی:٢٠٠٥، ٤٨)

بەپێی ئەوگۆڕانکارییە نوێیانەش کە لەئێستادا لەسیستەمی فێرکاری کوردستاندا ڕودەدەن و ئامانج لێیان بەرەوپێش بردنی پرۆسەی فێربوون و فێرکردنە و بەسیستەمی نوێ دەناسرێت، بەڕێوەبەری خوێندگەکان لەبەر ئەوەیبەرپرسی یەکەمن لەکاروبارەکانی خوێندنگە لەم ڕووەوە ئەرکی گەورەیان دەکەوێتە سەرشان لە جێبەجێکردنی سیستەمی فێرکاریەکان وکاروباری مامۆستایان و وچالاکییەکان و ڕێگای وانە گوتنەوە و ژینگەی خوێندنگە. گومانی تێدانیە کە مامۆستایانشلەسیستەمی نوێی فێرکاریدا بێبەش نین لەم بەرپرسیاریەتیە،ئەمڕۆ گرنگترین ئەرک کەلەسەر شانی مامۆستا بێت بریتییەلە گۆڕین و نوێبوونەوە، ئەم دوو چەمکەش گەلێک شت لەخۆی دەگرێت گرنگترینیان گۆڕین و نوێبوونەوەی مامۆستایە بەپێی ئەو پرۆگرام و پەیڕەوەی کەلەسەری ئیش دەکات یان دەیڵێتەوە،کەواتە پێویستە مامۆستای نوێ و هاوچەرخ بگونجێت لەگەل پرۆگرامی سەردەمدا، یان هەمیشە بەئاراستەی نوێبونەوەوتازەگەریدا بڕوات، یان قبوڵی تێڕوانینە نوێیەکان بکات و دابڕاو نەبێت لە سیستەمی پەروەردەی نوی.(حيلمي: ٢٠٠٨، ٤-٦).

**بۆیە توێژەران دەگەڕێن بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارانەدا.**

١-ئایا بەڕێوەبەر لەسیستەمی نوێی پەروەردە ڕۆڵی هەیە لەگەشەپێدانی پرۆسەی فێربوون؟

٢-ئایا جیاوازی هەیە لەنێوان ڕۆڵی بەڕێوەبەرەکان لەسنوری هەردوو پەروەردەی (ڕۆهەڵات، ڕۆژئاوا)؟



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

### ١-٢گرنگی توێژینەوەکە:

هەموو ئەوتوێژینەوانەی لەسەردەمی ئەمڕۆدا ئەنجام دەدریت بۆئامانجێکی دیاری کراو ئەنجام دەدرێت و هەریەکەیان گرنگی و سودی خۆیان هەیە، سود و گرنگی ئەم توێژینەوەیەش لەم خاڵانەی خوارەوەدایە:

### لەڕوی تیۆرییەوە:

١-گرینگە بۆ وەزارەتی پەروەردە چونکە لەڕێگەی سەرپەرشتیارانی پەروەردەی و بەڕێوەبەری خوێندنگەکانەوە ئاشنادەبن بەلایەنە باش و خراپەکانی سیستەمی نوێ

٢-گرینگە بۆ بەڕێوەبەری خوێندنگەکان لەڕێگەیەوە زانیاری پێویست کۆدەکەنەوە لەسەر سیستەمی نوێی خوێندن بەمەش ئاشنا دەبن بە خاڵی بەهێز و لاوازەکانی سیستەمەکە.

٣- گرینگە بۆ توێژەران وئەکادیمستان لەبەر ئەوەی دەتوانن وەک سەرچاوەیەکی زانستی سودی لێببینن بۆ نوسین و توێژینەوەکانیان.

٤- گرینگە بۆ کتێبخانەی کوردی چونکە یەکێک ئەبێت لەسەرچاوە دەگمەن و گرینگەکانی بواری پەروەردە و فێرکردن لەبەر ئەوەی بەپێی زانیاری توێژەران لە کتێبخانە و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە، تائێستا ئەم بابەتە توێژینەوەی زانستی لەسەر نەکراوە.

### لەڕوی پراکتیکیەوە:

١-گرینگە بۆ وەزارەتی پەروەردە چونکە لەڕێگەی دەرئەنجامەکانییەوە خاڵەبەهێزولاوازەکانی سیستەمەکە دەردەکەوێت پاشان دوای هەڵسەنگاندن و وردبینی و چاودێری پێویست دەتوانرێت بڕیار لەمانەوە و بەردەوامی یان وەستاندنی سیستەمەکە بدرێت.

٢- گرینگە بۆسەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەری خوێندنگەکان لەبەرئەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە هاوکار دەبێت بۆ چاودێری کردنی سیستەمی نوێی خویندن و ڕێگای وانەوتنەوەی مامۆستایان بەمەش هەربەڕێوەبەرێک پرۆسەی هەڵسەنگاندن دەکات و دەزانێت ئاستی زانستی خوێندنگەکەی چۆنە.

٣-گرینگە بۆمامۆستایانی خوێندنگە بنەڕەتییەکانی ناوەندی شاری سلێمانی لەبەر ئەوەی لەڕێگەی دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەوە ئاشنا دەبن بەسیستەمی نوێی خوێندن و ڕادەی سەرکەوتن و خاڵی بەهێز و لاوازی سیستەمەکە و ئەرک و مافەکانیان، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرچاوڕونیان بۆ ئەوەی بزانن لەکوێی ئامانجە پەروەردەییەکاندان کە لای خویان دیاریان کردوە.

٤-گرینگە بۆ خوێندکارانیش چونکە لەڕێگەی دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەوە ئاشکردەبێت ڕادەی قورسی و گرانی سیستەمەکە وتوانای جێبەجێکردنی بەپێی قۆناغ و ئاستەکانی خوێندن.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

### ١-٣ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە :

١-زانین و ئاشکراکردنی ڕۆڵی بەڕێوەبەر لەسیستەمی نوێی پەروەردە لەسەر گەشەپێدانی پرۆسەی فێربوون لەخوێندنگە بنەڕەتییەکان لەناوەندی شاری سلێمانی.

٢-زانینی جیاوازی بۆچونی مامۆستایانی هەردوو پەروردەکە لەسەر ڕۆڵی بەرێوبەرلە سیستەمی نویَ پەروردە لە گەشەپێدانی پرۆسەی خوێندن.

### ١-٤سنوری توێژینەوەکە:

سنوری توێژینەوەکە بریتییە لە؛

١-سنوری بابەت: ڕۆڵی بەڕێوەبەر لەسیستەمی نوێی پەروەردە لەسەر گەشەپێدانی پرۆسەی فێربوون لەخوێندنگە بنەڕەتییەکان لە ناوەندی شاری سلێمانی

٢-سنوری مرۆی:مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان

٣-سنوری کات: ساڵی خوێندنی ٢٠١٩-٢٠٢٠

٤-سنوری شوێن: خوێندنگە بنەڕەتییەکانی شاری سلێمانی، بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات ، بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕۆژئاوا.

### ١-٥ پێناسەی زاروەکان

١-بەرێوەبەر: لە Encyclopedia دا بەم جۆرە پێناسە کراوە: بریتییە لەبەرزترین پلەی ئیداری لە خوێندنگەدا کە ئەرکە ئیداری و ئەکادیمیەکانی ئەو دامەزراوە پەروەردەییە ڕادەپەڕێنێت، هەروەها (عابدین) پێی وایە کە بەڕێوەبەر لێپرسراوی یەکەمە لەکاروبارەکانی خوێندنگە بەرپرسیارییەتیەکەشی دابەش کردوە بۆ ئاستی ئیداری وهونەری و کۆمەڵایەتی و داهێنانی، لەم ڕوەشەوە پێی وایە خاڵی گرنگ لە بەرێوەبەردا جێبەجێکردنی پرۆسەی ئیدارییە بە شێوەیەکی چالاک و لێهاتوی بەهاوکاری ستافی خوێندنگە و ڕینمای و ئاراستەکردنی مامۆستاین.(عابدین: ٢٠٠٥، ٢٨٧)

پێناسەی ڕێکاری: بەڕێوەبەر ئەوتاکەیە کە ڕۆڵ دەبینێت لەسیستەمی پەروەردەی نوێدا لەسەرپەرەپێدانی تواناکانی مامۆستا و فێرخواز.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

٢-ڕۆڵ:پێناسە دەکرێت بە : کۆمەڵێک ئەرک و فەرمانی گرنگە بەشێوەیەکی فەرمی و نافەرمی کە چاوەڕوان دەکرێت تاک بەدەستی بهێنێت. (الجبوری: ٢٠٠٩، ٤)

هەروەها(ئیبراهیم) پێناسەی دەکات بە: ڕەفتاری چاوەڕوانکراوی تاکە لەنێو کۆمەڵگەو ئەوگروپەی کاری تێدا دەکات، واتە لایەنی بزواوی ناوەندی کۆمەڵایەتی تاکە، بۆیە ئەگەر ناوەندەکەی ئاماژەبێت بۆ ئەو پێگەیەی کەتاکەکەس ئەو ڕۆڵ ئاماژەدانە بۆ ئەو ڕەفتاری کە ئەوناوەندە کۆمەڵایەتییە لە تاکەکەسەکەی دەخوازێت.(ئیبراهیم: ٢٠١٣، ١٦١)

پێناسەی ڕێکاری ڕۆڵ؛ ئەونمرەیەیە کە تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە دەیدەنە بەڕێوەبەرەکان لەسیستەمی نوێی خوێندندا.

## بەشی دووەم

## چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشتر

### ٢-١ چەمکی بەڕێوەبەر:

بەشێوەیەکی گشتی بەڕێوەبردن پێکدێت لە ڕێکخستنی چالاکییەکانی تاک کەلەپێناوی بەدەستهێنانی ئامانجە دیاری کراوەکاندا هەوڵی بۆ دەدات بەواتایەکی تر ڕێکخستنی چالاکیەکان و ڕەفتارەکانی تاکە کە بەکاریان دێنێت لەپێناو مەبەستەکەیدا کەبەشێوەیەکی تایبەتی مومارەسە ی ئەوڕێکخستنە دەکات بۆ جێبەجێکردنی کاروباری کەسانیتر بەئاستێکی باش. (الاسدی و ابراهیم : ٢٠٠٣، ١٦٩).

بەڕێوەبەری خوێندنگە بەشێکە لەبەشەکانی توێژینەوە نوێیەکان و سەرەتای سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بیست، بەڵام لەسەردەمی کۆنیشدا پەیڕەوکراوە لەوکاتانەی کەمرۆڤ ئیش وکاری ڕۆژانەی جێبەجێ کردوە، لەنێوخێزانیشدا دایک و باوک وەک کەسی یەکەم لەسەرپەرشتیکردنی نەوەکانیان ڕۆڵی بەڕێوەبردنیان لەئەستۆ بوە، کەواتە بنەماکانی بەڕێوەبردنی خوێندنگە لەبنەماکانی بەڕێوەبردنی گشتی وەرگیراوە و هەردوکیان گرێدراون پێکەوەوشێوازی کارەکانیان هاوبەشە، بەڕێوەبردنی خوێندنگە بەرپرسە لەبڕیاردان و بەدواداچون و جێبەجێکردنی کارەکان بەتەواوی و پێگەیاندنی فێرخواز بەباشترین شێوە هەروەها دابینکردنی فەرمانبەری باش بۆ کاروباری خوێندنگە بەمەبەستی پێشخستنی، دواجارلەساڵی ١٩٤٦ز بەڕێوەبردنی خوێندنگە جیابویەوە لەبەڕێوەبردنی گشتی و بازرگانی واتە لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لەوکاتەوە بەڕێوەبردنی خوێندنگە دەرکەوت لەسەربابەت وزانستەکانی پەروەردەی ئەمەش بریتییە لەیەکەم کۆبوونەوەی سەرکەوتوو لەپرۆسەی بەڕێوەبردنی پەروەردەیدا. (المعیار:٢٠٠٢، ١٧)

جگە لەوەش بەڕێوەبردنی قوتابخانە هۆکارێکی گرنگە بۆڕێکخستنی پرۆژەکانی خوێندنگەو گەشەپێدان و پێشخستنی تواناکانی خوێندکار بەگوێرەی حەز وئارەزوەکانی، بابەتێکیشە یاساوبنەمای خۆی هەیەکەخۆی لەبڕیاردان وجێبەجێکردن دەبینێتەوە ببێتەهۆی سەرکەوتنی سیستەمی بەڕێوەبردنی خوێندنگەئەمەش لەبرەودان بەتواناجیاوازەکانی خوێندکاردا خۆی دەبینێتەوە.(مصطفى ،٢٠٠٢: ٣٦).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

بۆیە دەتوانین بڵێین پرۆسەیەكی ڕێكخراوی ئاراستەكراوە بۆ هێنانەدی ئامانجە دیاریكراوەكان بەجۆرێك كە سیاسەت و شێواز و ڕێگاكانی كاركردن تیایدا بتوانێت ئەو ئامانجانە بەكارای و بەشێوازێكی ئابوریانە بەدەی بێت لەگەڵ دەستەبەركردنی بەهێزترین ڕادەی ڕەزامەندی و گونجان لەنێو هەموو ئەندامانی ئەو دامەزراوەی كاری تێدادەكەن، هەندێكیتریش پێیان وایە كە بەڕێوەبەر پرۆسەی ئاراستەكردن و سەركردایەتی كردنە لەهەر دامەزراویەكدا كە ئەركە ئیدارییەكان جێبەجێ داكات بۆ هێنانەدی ئامانجە دیاری كراوەكان. (الخطیب و اخرون :٢٠٠٣ ، ل ٦ )

بەڕێوەبەر تەنها كاری بەدیهێنانی ئامانجەكان نیە بەڵكو دەبێت بنەماكانی ڕێكخستنی ئامانجەكان بەپێوەیست دابنێت، بەشێوەیەک سەركەوتنی دامەزراوە فێركارییەكە و هەوڵی دروستكردنی پەیوەندی بدات لەنێوان بەشە جیاوازەكانیدا لەگەڵ دروستكردنی پەیوەندی لەنێوان دامەزراوەكانیتردا، واتە دەبێت سیستەمی كارەكەی هاوسەنگ بێت لەگەڵ ئامانجەكەدا، بەشێوەیەكی چالاكانەش كۆشش بكات بۆ دەستكەوتی ئامانجەكان ئەویش بەڕێكخستنی كۆی كارەكان بەجیاوازی قەبارە و ژمارەوە. (عطوی: ٢٠٠١، ٣)

ماوەتەوە بڵێین لەئێستادا كاری بەڕێوەبەر جیاوازترە لەسالآنی پێشوو بەجۆرێک لەئێستادا كاری لێپرسراوێتیەكە زیاتربوە لەبەر ئەوەی كاردەكات لەسەر ئامادەكردنی مامۆستایان و وەرگرتنی خوێندكاران و ئامادەكاری بۆ كاروبارەكانی خوێندنگە لەوانە دابەشكردنی لێپرسراوێتییەكان بەپێی پسپۆڕییەكان هەروەها ئاراستەكردنی ئامانجەكان ئەمەش لەڕێگەی پلانی خۆی و پلانی وانەوتنەوەی مامۆستایانەوە، بەڕێوەبەرلەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە دیاری دەكرێت بۆ گرتنەدەستی ئەوبەرپرسیارێتیە، بەمەبەستی بەڕێوەبردنی كاروبارەكانی خوێندنگە بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ. (منی: ٢٠٠٣، ١٢)

## ٢-٢ رۆڵەكانی بەڕێوەبەر

### ٢-٢-١ رۆڵی لەسیستەمی بەڕێوەبردن:

پێویستەبەڕێوەبەر ڕۆڵی دەبێت لە ڕێكخستنی بارودۆخی خوێندنگە لەڕوی مادی و مرۆی ، بۆ ئاسانكاری پرۆسەی پەروەردە و فێركردن لە خوێندنگە لەوانە ئامادەكردنی پلانی سالآنەی بەڕێوەبردن، ڕێخستنی كۆبونەوە ئیدارییەكان و ئامادەكردنی خشتەی وانەكان هەروەها ڕێكخستنی كاروباری لیژنەكان و بەدواداچونیان و جێبەجێكردنی ئەوبەرنامە پەروەردەییانەی كەلەسەروخۆیانەوە پێیاندەگات، وە كاركردن بۆ ڕێكخستتنی پێوانەو و هەڵسەنگاندنی مامۆستایان و فێرخوازان.(صیلوو: ٢٠٠٥، ١٧٢-١٧٣)

بەڕێوەبەری خوێندنگە ڕوبەڕووی كۆمەڵێک گرفتی جیاواز دەبێتەوە لەماوەی سالێكی كاركردنیدا، ئەمەش بەپێی خوێندنگەكان و قۆناغەكانی خوێندن و پێگەی جوگرافی دەگۆڕێت ، هەندێک لەگرفتەكان ئاسانن و پێویستیان بەبڕیاری ئاسانە ئەمانە پێویستیان بە لێكدانەوە و وتوێژی چڕوپڕ نیە لەوانە (دیاریكردنی بەرواری كۆبونەوەكان،ئامدەنەبونی هەندێک مامۆستا و ئامادەنەبونی هەندێک خوێندكار ....هتد) بەلآم هەندێک كێشەیتر ئاڵۆزن پێویستیان بەبیركردنەوە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

گفتوگـۆی جیـاواز هەیە لەونە (لاوازی مامۆسـتا لەكـاتی وانەوتـنەوە، بەشـدارینەكردنی خوێنـدكاران لە چالاكییەكـانی خوێندنگە). (عابدین: ٢٠٠٥، ١٢٤)

## ٢-٢-٢ڕۆڵی لەسەر گەشەپێدانی مامۆستایان:

بەڕێوەبەر وەک سەرپەرشتیارێكی پەروەردەی كار دەكات لەسەر باشكردنی ڕۆڵی مامۆستایان و زیادكردنی بەرهەمیان لەڕێی پەرەپێدانی لێهاتووییەكـانی مامۆسـتا لەڕووی زانیـاری و هەڵـس و كەوت و ڕەفتـاری، لایەنـی زانیـاری مامۆسـتا پێكـدێت لەپسـپۆڕییەكەی و ئەوبـابەتەی كە دەیڵێـتەوە، ئەمەش خـۆی دەبینێـتەوە لە هۆشـیاركردنەوەی دەربـارەی ئەوپڕۆگرامەی كە دەیڵێتەوە لەگەڵ ڕێگا نوێیەكانی وانەوتنەوە و دابینكردنـی پێداویستییەكانی وانەووتنەوە، بەڵام لایەنـی هەڵس وكەوتی مامۆستا پێكدێت لە ڕێكخستنی لێهاتووییەكانی مامۆستا لە سەر توانای هاوسەنگی و كۆنترۆڵكردنی پۆل و مامەڵەی لەگەڵ فێرخوازاندا. (صلیوو: ٢٠٠٥،١٨٣)

## ٣-٢-٢ڕۆڵی لەسەر خوێندكاران :

بەڕێوەبەر ڕۆڵ و كاریگەری هەیە لەسەرهەربابەتێک كەپەیوەندی بەكاروباری خوێندنگەوە هەبێت لەبەر ئەوەی بەرزترین پـلەی ئیـداری خوێنـدنگەیە و لەم بوارەشـدا ڕۆڵـی لەسـەر خوێنـدكاران دەردەكەویـت لەهەربابەتێـک كەتـایبەت بێـت بە لێهاتووییەكان لەداتاكان لە نمرەی پێویست و ئامادەنەبوونی خوێندكاران و پەیوەندی كردن بە دایک و بـاوكی خوێندكار و لێكدانەوەی نمـرە بەدەسـهاتوەكانی خوێنـدكاران و چـاودێری كـردن و پێـداچونەوەی لەگەڵ هەربـابەتێكیتری پەیوەسـت بەخوێندكاران. (الاسدی و ابراهیم: ٢٠٠٣، ٨٠)

## ٤-٢-٢ڕۆڵی لەسەركەس وكاری خوێندكاران وكۆمەڵگە:

بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی پەروەردە پێویستە بەڕێوەبەر پەیوەندیەكی باش و ئەرێنی لەگەڵ كەس و كاری خوێندكاران و كۆمەڵگە بەگشـتی هەبیت ئەم پەیوەندیەش وەسـتاوە لەسـەر ڕاوێژپێكردنیـان لەوكاروبـارانەی كەتـایبەتە بەپێشـخسـتنی پرۆسـەی فێربـوون و فێركرد، هەروەهـا كـاركردن بـۆ چارەسـەركردنی كێشـەكانی مامۆسـتایان و بـواردان بۆدەرخسـتنی تواناكانیـان و ڕاهێنانیـان هەروەهـا گـرنگە مامۆسـتاش هەسـت بەوەبكـات كە بەڕێـوەبەیتی خوێنـدنگە بەشـێوەیەكی ڕێكخراودیاری كراوەو ئامرازێكە بۆ گەیاندنی پەیامێكی باش و تەندروست، هەستكردن بەوەی كە هەموویـان تەواوكەری یەكتـرن وبەشـێكن لەیەک و یەک ئامانجیـان هەیە، ئەم هەسـتەش یارمەتیدەردەبێت بـۆ پێشـخسـتنی پرۆسـەی فێربـوون و فێركردن.(الاتاحە: ٢٠١٣، ٢٠)

## ٣-٢ڕۆڵی بەڕێوەبەر لەسیستەمی نوێی پەروەردەدا:

پەروەردە و فێركـردن پرۆسـەیەكی دێـرین و فرەڕەهەنـدە، مێـژوی پەروەردە هاوتـایە لەگەڵ بـوونی مـرۆڤ، لەكۆنـدا پرۆسەیەكی نافەرمی بوە لەلایەن خێزانەوە ئاراستەكراوەئەویش بەپێی ئاستی تێگەیشـتن و جیهـانبینی خـۆی، بەڵام لەگەڵ گۆڕانی ئاستی تێگەیشتن وجیهانبینی، ئامانج و ڕێگاو شێوازەكانی پەروەردەكردن گۆڕاوەوپێشكەوتوە، (قادر:٢٠١٨، ١٠)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

کۆشش و هەوڵدانیش بۆ گۆڕانکاری و لەپرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لایەنێکی گرنگ و کاریگەری خەباتی ئەم سەردەمە پێکدەهێنێت، یەکێک لەوگۆڕانکارییە بنەرەتیانەش بریتیەلە گۆڕانکاری لە هەموو بورەکانی پەروەردە و فێرکردن و نویێ سازیەیە بە نوێترین بەرنامەو سیستەم وشێوازی وانەوتنەوە و هۆیەکانی ڕونکردنەوەفێرکردن.(عبدالقادر:٢٠٠٥، ٤)

ئاشکرایە گۆڕانکاری زۆر لەسیستەمی پەروەردە و فێرکردن لەهەرێمی کوردستان ئەنجام دراوە، بەئاماژێ باشکردنی کوالێتی فێربوون و فێرکردن لەخوێندنگەکانی هەرێمی کوردستان بەجۆرێک کە پەروەردەیەکی سەردەمیانە پێشکەش بەفێرخوازانی هەرێمی کوردستان بکرێت، لەم ڕوەشەوە هەموو خوێندنگەکانی هەریمی کوردستان لەداهاتودا هەڵسەنگاندنی دەرەکیان بۆ ئانجام دەدرێت لەلایان لیژنەیەک کەپێک هاتبێت لە(٣) سەرپەرشتیار، ئەم پرۆسەیە لەسەرەتادا لەساڵی خوێندنی( ٢٠١٢-٢٠١٣) لەهەندێک لەبەڕێوەبەرێتی پەروەردەی شارەکانی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی ئەزموونی(تێست) جێبەجێکرا لەچوارچێوەی پرۆژەیەکدا بەناوی پشتگیریکردن بۆ باشترکردنی کوالێتی پەروەردە،لەهەرێمی کوردستان ناسراوەبە( بریتش کاونسڵ) کەناسێنراوەلەلایەن وەزارەتی پەروەردە بەنوسراوی ژمارە (٦)لە(٢٠١٥/١/٧) وەک پرۆژەیەکی ستراتیژی درێژخایان و جێبەجێ کردنی لەهەموو پەروەردەکان، دواتر ئەم بیرۆکەیە پەرەی پێدرا لەلایەن بەڕێوەبەرێتی گشتی سەرپەرشتیاری پەروەردەی لەوەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان لەساڵی خوێندنی (٢٠١٧-٢٠١٨) وەک ئەزموونی (تێست) لەپەروەردەکانی (هەولێر- ناوەندی سلێمانی- ڕۆژهەڵات- دهۆک – ڕۆژئاوا- هەڵەبجە- کەرکوک)، پەیرەوکرا بەمەبەستی زیاتر کاراکردنی ڕۆڵی سەرپەرشتیاران لەپرۆسەی پەروەردە وهەڵسەنگاندنی ناوەندەکانی خوێندن وەک دامازراوەیەکی پەروەردەی تاوەکو بەشێوەیەکی هەنگاو بەهەنگاو لەداهاتودا سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن بگرێتەوە، ئەم هەڵسەنگاندنە دەرەکییە یەکەم هەڵسەنگاندنە بۆ ئەدای خوێندگەوپێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی بەپێی (٢٥) ستاندەردی خوێندنگە، ئەم کارەش بۆ سزادانی خوێندنگەنیە، بەڵکو بۆیارمەتیانە بۆ باشترکردنی ئەدایان تاکو لەداهاتودا خوێندنگەکان باشترین ئاستی فێرکاری پێشکەش بەخوێندکاران بکەن، بەڵام ئەمکارە سەرکەوتوو نابێت ئەگەر خوێندنگەکان توانای بەرەوپێشبردنی خۆیانیان نەبێت، هەرلەبەر ئەمەشە کەکوالێتی سەرکردایەتی کەبەڕێوەبەر فەراهەمی دەکات گرنگیەکی زۆری هەیە.

بەڕێوەبەر سەرکردایەتی ئامادەکارییەکانی خوێندنگە دەکات بۆ هەڵسەنگاندنی دەرەکی هەروەها بەهەند وەرگرتنی تێبینی و سەرنجی ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی دەرەکی کەلەلیژنەی هەڵسەنگاندنی پێشودا هاتووە و کارکردن و هەنگاونان بۆ جێبەجێکردنی، بەڕێوەبەری کارا سەرکردایەتی باشترکردنی خوێندنگەکەی دەکات لەڕێی خود هەڵسەنگاندن و پلانی پەرەپێدانەوە بەهاوکاری سەرپەرشتیاری هاوڕێی ڕەخنەگر، کەئەویش ڕۆڵێکی چالاکی هەیە لەباشترکردنی پرۆسەی فێربوون و فێرکردن، ئەوبەڕێوەبەرەی ئەم کارانە بەسەرکەوتووی ئەنجام بدات بەڕێوەبەرێکی سەرکردەیە.(گروپی کاری بەڕێوەبەرانی سەرکردە(بریتش کاونسڵ: ٢٠١٩، ٤)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## ٢-٤توێژینەوەكانی پێشتر:

١.توێژینەوەی نوحیلی ٢٠١٠: ڕۆڵی بەڕێوەبەری خوێندنگە لەسەر بەرز كردنەوەی كارامایی مامۆستایانی سەرەتای و ناوەندی . لە دیمەشق لە سالی(٢٠٠٣-٢٠٠٤) نمونەی توێژینەوەكە پێک دێت لە (١٥٥)بەڕێوەبەر . بە ئامادەكردنی فۆرمی ڕاپرسی بۆ پێوانكردنی ڕۆڵی بەرێوەبەرەكان كە پێكهاتوە لە (٦٠)برگە بۆ(٦)تەوەرە دابەش بوو،هەر تەوەرەیەک لە(١٠)برگە پێكهات.پێوەری (لیگێرت) پێنجی بەكارهات.توێژەر بۆ شیكردنەوەی داتاكانی كێشی سەدی و ناوەندی شیاو تاقیكردنەوەی (تای) بەكار هێنا بو زانینی ڕۆل جیاوازییەكان. دەركەوت لە ئەنجامدا كە جیاوازی ڕۆڵی بەرێوەبەرەكان نییە لە نێوان سەرەتای و ناوەندیدا ، بەڕیوبرەكان كاردانەوەیان هەیە لەسەر بەرزكردنەوەی كارامەییەكانی مامۆستایان.(نوحیلی:١٣٧،٢٠١٠)

٢.توێژینەوەی عەدوی ٢٠٠٨:ڕۆڵی بەرێوەبەر لەسەر كەم كردنەوەی دیاردەی توندوتیژی لەناو خوێندنگەناوەندییەكان لەڕوانگەی مامۆستایان. بە بەكار هێنانی پرۆگرامی وەسفی .كۆمەلگای توێژینەوەكە (٣١٦٦)مامۆستا لە شاری عەزە، (٣١٧)مامۆستا وەرگیرا وەک نموونەی توێژینەوەكە، بۆ دەرخستنی ئامانجی توێژینەوەكە فۆرمی ڕاپرسی ئامادەكرا پێک هات لە (٥٤) برگە پاش دەرخستنی ڕاستی و درووستی پێوەرەكە بە بەكار هێنانی بەرنامەی (spss)لە دەرئەنجامدا دەركەوت كە بەڕێوبەرەكان ڕۆڵیان هەیە لەسەر كەم كردنەوەی توندوتیژی خوێندكاران .(العدوی:٢٠٠٨،ل٢٠)

٣.توێژینەوەی حامد٢٠١٣:ئامانجی توێژینەوەكە هەڵسەنگاندنی ئەدای بەرێوبەرەكان وەک سەرۆكێكی پەروەردەی لەتێڕوانینی مامۆستایانی بنەڕەتی لەشاری قودس. توێژەر نموونەی تێژینەوەكەی وەرگرت لە كۆمەڵگاكە كە ژمارەیان (٣٩٠) مامۆستا بوو،لەسەر پرۆگرامی وەسفی كار كرا ،بەبەكارهێنانی فۆرمی ڕاپرسی لە(٥٢)برگە.لە ئەنجامدا دەركەوت بەپێی ناوەندی شیاو (٣,٥٥)لە(%٧٨)مامۆستایان ڕازین لە ئەداكردنی بەڕیوبەر بەشێوەیەكی پەروەردەیی درووست وسەركردایەتی كردنی لەبوارەكانی دانانی ئامانج،گەیشتن بە ئامانج،چوار چێوەی ئیداری ،سەرپەرشتیار و هەلسەنگاندنی پرۆسەی فێربوون گرنگیدان بەكاتی پرۆسەی فێركردن،بەكارهێنانی هاندان ،هەڵسەنگاندنی پرۆگرام،گرنگی دان بە پێشخستنی فێرخوازان.(حامد:٢٠١٣،ل٣٠).

هەرسێ توێژینەوەكە بەگشتی لەسەر كاردانەوەی بەڕێوبەرەكان ئەنجام دراوە لەسەر پرۆسەی فێربوون ،ئەوش ئاشكرای دەكات كە بەڕێوەبەرەكان بەشێكی گرنگن لە پرۆسەی فێربوون، كە بەشێوەی جیاجیا ئەنجامدراوە لە دیمەشق و فەلەستین بەلام توێژینەوەكەی ئێستا لە كوردستان سنوری پارێزگای سلێمانی ئەنجام دراوە ، لە دیاریكردنی نموونەكانیش جیاوازیان هەیە بە پێ قەبارەی كۆمەڵگاكە دانراوە،هەریاكەیان بە شێوەی جیاواز كرداری ئاماریان بەكار هێناوە لەوانە ( تیتێست ،بەرنامەی spss، ناوەندی شیاو) سەرجەمیان لە دەرئەنجامدا ڕۆڵیان هەبووە لەسەر پرۆسەكە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## بەشی سێهەم

## رێکاریەکانی توژینەوەکە

### ٣_١پرۆگرامی توێژینەوەکە:

بەپێی سرووشتی کێشەی توێژینەوەکە و گەڕان و خوێندنەوەی توێژینەوەکانی پێشوو توێژەر پرۆگرامی وەسفی بەکار هێنا ،بۆبەدیهێنانی ئامانجەکان.

٣_٢کۆمەڵگای توێژینەوەکە: کۆمەڵگا به یەکێک له کارەگرنگەکانی توێژینەوە،که پێکدێت لەسەرجەم لایەنە دیارەکانی ئەوتوێژینەوەی که توێژەر پێهەڵدەستێت به لێکۆڵینەوەی .(ملحم،٢٠٠٥،ل١٤٩) .کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لەسەرجەم مامۆستایانی بابەتەکۆمەڵایەتییەکانی خوێندنگا بنەڕەتییەکان ،لەپەروەردەیی رۆژهەڵات و رۆژ ئاوا لە ناوەندی شاری سلێمانی کەسەرجەمییان دەکاتە(١٢٤٦) بەپێی ئاماری پەروەردەیی سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٧_ ٢٠١٨ هەروەک لەخشتەی (١-٣) روونکراوەتەوە.

**(خشتەی ١-٣)**

دابەشکردنی کۆمەڵگای توێژینەوەکە

| کۆمەڵگای توێژەینەوەکە | رەگەز | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| مامۆستایانی نێرلەپەروەردەیی رۆژئاوا | ١٣٧ | ١١% |
| مامۆستایانی مێ لەپەروەردەی رۆژئاوا | ٤٩٢ | ٣٩% |
| مامۆستایانی نێرلەپەروەردەی رۆژهەلات | ٢٠٧ | ١٧% |
| مامۆستایانی مێ لەپەروەردەی رۆژهەلات | ٤١٠ | ٣٣% |
| تێکڕای گشتی | ١٢٤٦ | ١٠٠% |

### ٣-٣نموونەی توێژینەوەکە:

بەلەبەرچاوکردنی تێکڕای ژمارەی مامۆستایانی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان لە خوێندنگا بنەڕەتییەکان ،توێژەر هەوڵی داوە زۆرترین ژمارە وەربگرن لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە بە شێوەی مەبەستدار، هەرچی نموونەی توێژینەوەکە دەگاتە(١٨٥) مامۆستا لەڕەگەزی نێرو مێ کە دەگاتە رێژەی (١٥%) کۆمەڵگای توێژینەوەکە ، هەروەها دابەشکردنی نموونەی توێژینەوەکە بەپی گۆڕاوەکان بڕوانە خشتەی (٣-٣)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**خشتەی (٢-٣)**

دابەش بوونی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوەکانی ڕگەز ،بڕوانامە،ساڵانی خزمەت

| گۆڕاوەکان | ئاستەکان | ژمارە و ڕێژەی سەدی مامۆستا | |
|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
| ڕەگەز | نێر | ٧٩ | ٤٣% |
| | مێ | ١٠٦ | ٥٧% |
| | کۆی گشتی | ١٨٥ | %١٠٠ |

## ٣_٤ ئامڕازی توێژینەوەکە :

توێژەر پاش گەڕان و خوێندنەوەی هەندێک لە سەرچاوەی زانستی و توێژینەوەی پێشوو نزیک لە بابەتەکە فۆڕمی ڕاپرسی داخراو دروست کرا ، لەوانە توێژینەوەکانی (العدوي،٢٠٠٨)، توێژینەوەی (آبوحامد،٢٠١٣) توێژینەوەی(ئاشور،الشرقران،2015)، (نحيلى،٢٠١٠)، ، فۆڕمی ڕاپرسی دروست کراو پێک هاتووە لە (٤) بواری تایبەت بە ڕۆڵی بەڕێوبەر، لە (٥٢) بڕگە پێکهاتووە بۆهە بڕگەیەک پلەیەک دانرا بە پێی پێوەری(لیگەرت) (بەڵی،تاڕادەیەک،نەخێر) کە هاوشانی ژمارەکانی (١،٢،٣) لە خشتەی (٣-٣) بوار و ژمارەی بڕگەکانی پێوەرەکە ڕووندەکاتەوە:

**خشتەی (٢-٢)**

بواراکانی فۆڕمی ڕاپرسیەکەبەپێی ژمارەی بڕگەکان

| ژمارە | ڕۆڵەکانی بەڕێوبەر | بڕگەکان |
|---|---|---|
| یەکەم | لایەنی سیستەمی بەڕێوەبردن | ١-١٧ |
| دووەم | پەرەپێدانی مامۆستا | ١-١٤ |
| سێیەم | پەرەپێدانی خوێندکار | ١-١٠ |
| چوارەم | لایەنی پەیوەندیدار بەخێزان و کەس و کاری فێرخوازان | ١-١١ |
| سەرجەم | ٥٢ | |

توێژەربە مەبەستی زانینی ڕادەی شیاوی و زانستی بوونی پێوەرەکە ڕاستی و نەگۆڕی بۆ دەرهێنا بەم شێوەیەی لای خوارەوە:



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

### ٣_٥ ڕاستی و دروستی(الصدق):

ڕاستی دادەنرێت بەمەرجێکی پێویست کەدەبێت بەرجەستەکرابێت لەو ئامرازەدا کە توێژینەوەکە پشتی پێدەبەستێت، ڕاستی لەسەر دوو هۆکاری گرنگ ڕاوەستاوە ئەوانیش مەبەست لەوکارەی ئامرازەکە پێی هەڵدەستێت، هەروەها ئەو گرووپ و کۆمەڵەی کە ئامرازەکەی بەسەردا جێبەجێ دەکرێ،(ابولبدە، ١٩٧٩: ٢٣٥)ڕاستی ئامراز واتە توانای پێوانەکردنی ئەوەی هەبێت کە لەپێناویدا دانراوە یاخود ئەودیاردەیەی دەمانەوێت پێوانەی بکەین. (الروسان :١٩٩٩، ٣١)

بۆ هێنانەدی ڕاستی ئامرازەکەش، توێژەر ئامرازەکەی خستە بەردەستی ژمارەیەک لە شارەزایان وپسپۆڕانی بواری پەروەردەو دەروونزانی وپێوانە وهەڵسەنگاندن ورێگای وانەوتنەوە، کە ژمارەیان(٥)کەس بوو بۆ دەربڕینی ڕاوبۆچوون و تێبینیەکانیان لەسەر ئەوەی تاچەند بڕگەکانی بەوردی داڕێژراون و ڕوونن وشیاون بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە، ئەوانیش بەکۆی دەنگی هەڵسەنگێنەران دوای گۆڕینی هەندێک وشە و چاککردنی هەندێک بڕگە لەڕووی زمانەوانی یەوە بە ڕێژەی (٨٤%) بڕگەکانیان پەسەند کرد کاتێک ڕێژەی کۆدەنگی پسپۆڕان ( ٧٥% ) یا زیاتربێت ئەوا پەسەند دەکرێت لە لایەنی ڕاستی ڕوواڵەتی یەوە(الزوبعی:٤٤،١٩٨١).

### ٣_٦نەگۆڕی (الثبات Reliability :

یەکێک لە مەرجەکانی هەر ئامرازێکی زانستی پێویستە نەگۆڕبێت، مەبەست لە"نەگۆڕی ئەوەیە کە هاوشێوە بوون هەبێت لەوەڵامەکاندا کاتێک دووبارە ئامرازە کە جێبەجێبکرێتەوە بەسەر هەمان کەسان و لەهەمان بارودۆخدا بەنزیکەی." (الداهری والکبیسی،٢٠٥،٢٠٠٠)

بۆدەرهێنانی نەگۆڕی شێوازی دووبارەجێبەجێکردنەوەی ئامرازەکەTest-Re-testبەکارهێنراوە، بەم شێوەیە ئامرازەکە جێبەجێکرا بەسەر نموونەیەکدا کە پێکهاتبوولە (١٠) مامۆستا لە دەرەوەی سنووری کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بوون، جیاوازی کات لە نێوان جێبەجێکردنی یەکەمی ئامرازەکەو دووبارە جێبەجێکردنەوەی بۆ جاری دووەم( ١٠ )ڕۆژ بوو، لەبەرئەوەی پێویستە ئەم ماوەیە لە(دوویان سێ‌هەفتە) زیاتر نەبێت، بۆئەوەی کەسە بەشدار بووەکانی هەندێک لە وەڵامەکانیان لە بیرنەچێت، هەروەها هەمان وەڵام بدەنەوە لەجێبەجێکردنی دووەمدا.((الزوبعی، ١٩٨١: ٢٤)بۆژماردنی هاوکۆلکەی نەگۆڕ(معامل الثبات)ی ئامرازەکە، توێژەر(هاوکێشەی پێرسۆن ( Pearson Correlation Coefficient) )ی بەکارهێناوە لەبەر ئەوەی دادەنرێت بەبڵاوترین ئامرازێک لەم بوارەدا. بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی لەنێوان تێکڕای نمرەکانی جێبەجێکردنی یەکەم و نمرەی دووەمدا.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**خشتەی (٣-٤)**

نرخی جێگیری بڕگەکانی ئامرازی توێژینەوەکە بە پێی بوارەکان ڕووندەکاتەوە:

| ڕۆڵی لەسەر لایەنەکان | نرخی جێگیری |
|---|---|
| پەرەبێدانی لەسەر سیستەمی بەڕێوەبردن | ٠،٨٠ |
| پەرەپێدانی مامۆستا | ٠،٧٩ |
| پەرەپێدانی خوێندکار | ٠،٨١٠ |
| لایەنی پەیوەندیدار بە خێزان و کەسوکارو خوێندکار | ٠،٨٦٠ |
| نرخی گشتی جێگیری بۆئامرازاکە | ٠،٨١ |

## ٣-٦جێبە جێکردنی ئامرازەکە:

پاش دڵنیابوون لەڕاستی ودروستی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە ، توێژەر فۆرمی ڕاپرسی دابەش کرد بەسەر مامۆستایانی بنەڕەتی لەخوێندنگا بنەڕەتییەکان لەناوەندی سلێمانی کە(١٨٥) مامۆستابوو، لە مانگی(١١) بۆ کوتایی(١٢) دواتر فۆڕمەکان گەڕانەوە، ئینجا وەڵامەکان لەفۆرمێکی تایبەت بەوکارە خاڵیکرانەوە.

## ٣_٧هاوکێشە ئاماریەکان:

ئەم ئامرازانەی ئامارکردن بەکارهێنراوە لەتوێژینەوەکەدا.

1.هاوکێشەی پێرسۆن ( Pearson correlation coefficient) بۆ دەرهێنانی ڕێژەی نەگۆڕی

$$\text{ر} = \frac{\text{ن مج س ص} - \text{مج س} \times \text{مج ص}}{\sqrt{[\text{ن مج س٢} - (\text{مج س})٢]\ [\text{ن مج ص٢} - (\text{مج ص})٢]}}$$

(الجادری، ٢٠٠٧: ٢٨٨)2.ناوەندی شیاو (الوسط المرجح):

بۆ باسکردنی هەر بڕگەیەک لەبڕگەکانی ئامرازی توێژینەوەکە و زانینی بەهاکەی لە چوارچێوەی هەر بوارێکدا، هەروەها بۆ مەبەستی ڕاڤەکردنی ئەنجامەکان، ئەم یاسایە بەکارهێنراوە: (صبری، ٢٠٠٦: ١٠٦)

$$\text{ناوەندی شیاو} = \frac{(\text{ت١}\times٣) + (\text{ت٢}\times٢) + (\text{ت٣}\times١)}{\text{مج ت}}$$



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

بۆ ژماردنی هێزی بڕگەکان، یەک نمرە دراوە بە ئەلتەرناتیڤی یەکەم( بەپلەی لاواز )، دوونمرە بە ئەلتەرناتیڤی دووەم (بەپلەی ناوەند)، سێ نمرە بە ئەلتەرناتیڤی سێیەم (بەپلەی باش).

3.کێشی سەدی: بۆ ڕاڤەکردنی ناوەندی شیاو و بڕگەکان.

4.بەرنامەی(spss) بەکارهاتووە بۆ دەرهێنانی جیاوازی نێوان گۆڕاوەکان (پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژ ئاوا) لەسەر بۆچوونی مامۆستایان بۆ ڕۆڵی بەڕێوبەر لە گەشەپێدانی سیستەمی نوێ خوێندن لە خوێندنگا بنەڕەتییەکانی شاری سلێمانی.

## بەشی چوارەم

## خستنەڕوی داتاکان و شیکردنەوەیان

### ٤-١:خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامی توێژینەوەکە:

ئەم بەشە، خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەو ئەنجامانەیە کە توێژینەوەکە پێیگەیشتووە دەربارەی ڕۆڵی بەڕێوەبەرەکان لە ستەمی نوێ پەروەردە لەسەر گەش پێدانی پرۆسەی خوێندنی بنەڕەتی لە تێڕوانینی مامۆستایانەوە بابەتەکۆمەڵایەتییەکان لەبەر ڕۆشنایی ئامانجی توێژینەوەکە راڤەکراوە، بۆ ئەو مەبەستەش توێژەران لە کاتی شیکردنەوەکەیاندا ئەم هەنگاوانەی پەیڕەوکردووە، بەم شێوەیە:

٤-١-١بۆ دەرهێنانی نرخی ناوەندی شیاوی بڕگەکان، توێژەران وەڵامە دووبارەکانی هەر بڕگەیەکیان لەبڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسەکەیان، بەپێی ڕەهەندە دانراوەکان (بەڵێ،تاڕادەیەک،نەخێر)ژماردووە، بۆ ئەژمارکردنی ئەم نرخانەش (سێ)نمرە دراوە بە ڕەهەندی یەکەم و (سێ) نمرە دراوە بە ڕەهەندی دووەم و (دوو) نمرە دراوە بە ڕەهەندی سێیەم و (یەک) نمرە دراوە .

٤-١-٢ :ناوەندی ژمێرەیی پێوەرە سێ ڕەهەندییەکە دادەنرێت بە (٢)، کە پێوەرێکە بۆ جیاکردنەوەی لایەنی بەهێز و لاوازی بڕگەکان، هەر بڕگەیەک ناوەندی شیاوەکەی (٢) یا بەرزتر بوو ئەوا واتا لایەنی بەهێزی تەوەرەکانی ئامرازەکە دەنوێنێت، ئەگەر لە (٢) کەمتر بوو، واتا لایەنی لاوازی ئاستی تەوەرەکان دەنوێنێت.

٤-١-٣: توێژەران پێیان باشبوو تەنها بڕگە لاوازەکان شیبکرێنەوە، هاوکات لەبەر زۆری گۆڕاوەکان و زۆری خشتەی ناوەندەکانی شیاو و کێشی سەدیەکانیان، زۆرینەی بڕگە لاوازەکان پێکەوە شیکراونەتەوە، هەروەها بەبەرنامەی (spss) جیاوازی بۆچونی هەردوو پەروەردەکە دیاریکراوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

# شیکردنەوە بۆ ئامانجی یەکەم

## ١.تەوەری یەکەم/ ڕۆڵی بەڕێوبەر لەسەرپەرەپێدانی سیستەمی کارگێڕی:

ئەم تەوەرە (١٧) بڕگەی لەخۆگرتووە, کەئەنجامی بۆچوونی مامۆستایان لەسەر بڕگەکانی ئەم تەوەرە نیشاندەدات, کەتایبەتە ڕۆڵی بەڕێوبەر لەسەرپەرەپێدانی سیستەمی کارگێڕی ، وەک لەخشتەی (٤-١) خراوەتەڕوو:

**خشتەی (٤-١)**

ناوەندی شیاو وکێشی سەدی تێڕوانینی مامۆستایان ڕۆڵی بەڕێوبەر لەسەرپەرەپێدانی سیستەمی کارگێڕی ڕووندەکاتەوە:

| ژ | بڕگەکان | پلە | ناوەندی شیاو | کێشی سەدە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | پەیڕەوی جێبەجێکردنی یاساکانی سیستەمی کارگێڕی قوتابخانە دەکات. | 4 | 2.167568 | 0.72 |
| 2 | یاساکانی سیستەمی قوتابخانە هاوسەنگە لەگەڵ ژینگەی خوێندندا. | 15 | 1.788189 | 0.59 |
| 3 | گرنگی بە لایەنی پەرەپێدانی بونیادنانی کەسایەتی دەدات. | 5 | 2.113514 | 0.70 |
| 4 | چاودێری ئەنجامی بەرنامەو کارەکانی قوتابخانە دەکات. | 14 | 1.789189 | 0.59 |
| 5 | کارەکانی ڕۆژانە ڕێک دەخات بە پێی گرنگیەکەی | 3 | 2.183784 | 0.72 |
| 6 | پێویستیەکانی کرداری فێربوونی دابین کاردووە | 8 | 2.064865 | 0.68 |
| 7 | لەگەڵ پێشهاتو گۆڕانکارییەکان ئامادەسازی بۆ دەکات | 6 | 2.118919 | 0.70 |
| 8 | پەیوستە بەجێبەجێکردنی بڕیارەکانی | 12 | 1.881081 | 0.62 |


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |
| 0.66 | 2.005405 | 9 | جارەسەری کێشەکان دەکات بە شێوازی زانستی | 9 |
| 0.70 | 2.102703 | 7 | پلانی ساڵانەی هەیە لەپێناو پێشخستنی قوتابخانەدا. | 10 |
| 0.70 | 2.102703 | 7 | کاربۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی قوتابخانە دەکات | 11 |
| 0.62 | 1.886486 | 13 | لە کەسانی شارەزاو پسپۆڕراپرسی دەکات بۆ مەبەستی بەڕێوەبردنی سەرکەوتوو . | 12 |
| 0.65 | 1.972973 | 11 | ئامادە سازی دەکات بۆ کۆبونەوەی مامۆستایان بەمەبەستی گەشەپێدانی پرۆسەی فێربوون. | 13 |
| 0.76 | 2.032432 | 1 | لە بواری پەروەردەو فێرکردن شارەزای هەیە مومارەسەی دەکات. | 14 |
| 0.74 | 2.243243 | 2 | سەرۆکێکی کاریگەرو سەرنج ڕاکێشەو کاردانەوە درووست دەکات لەسەر مامۆستایان | 15 |
| 0.56 | 1.724324 | 16 | بەراورد دەکات بۆئاستی سەرکەوتن لەنێوان خوێندنگەکاندا. | 16 |
| 0.66 | 2 | 10 | ئاسانکاری دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی ڕینماییەکانی وەزارەتی پەروەردە | 17 |
| 0.66 | 2.01 | | | تێکڕا |

بەپێی زانیارییە ئامارییەکانی خشتەی (٤-١) کەتایبەتە بە ڕۆڵی بەڕێوەبەر لەسەر پەرەپێدانی سیستەمی (کارگێڕی) کە لە لە(١٧) برگە پێکهاتوە، بەشێوەیەکی گشتی تێکڕی ناوەندی شیاوی (٢،٠١) وەکێشی سەدیان (٠،٦٦) بەپێی ئەم پێوانەیە بۆمان دەردەکەوێت کە بەڕێوەبەر ڕۆڵی هەیە لە پەرەپێدانی سیستەمی کارگێری لەبەر ئەوەی بەپێی ناوەندی شیاو لە(٢) زیاتری بەدەستهێناوە بەڵام هەندێک لە بڕگەکان ناوەندی شیاویان لە (٢) کەمترە ئەمەش لاوازی ڕۆڵی بەڕێوەبەر دەردەخات لەوبڕگانە بەتێڕوانینی مامۆستایان، وەک بڕگەکانی (٢،٤،٨،١٢،١٣،١٦) کەناوەندی شیاویان لەنێوان (١,٩) بۆ


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

(١-٧) ئەم داتـایەش بۆمـان ڕون دەكـاتەوە كە بەڕێـوەبەر یاسـاكانی سیسـتەمی خوێنـدگە بگونجێنێـت لەگەڵ ژینـگەی خوێندنگەدا و چاودێری ئەنجامی كارەكانی بكات، وە كاتێک كەبڕیار دەردەكات پێویستە وابەستەبێت بە جێبەجێكردنی بەبڕیارەكانیەوە، ئەمەش وەک (عبدالحمید:٢٠٠٩) ئاماژەی پێدەدات لەكتێبی (اصرار النجاح) باسی سیفاتەكانی بەڕێوەبەری سەركەوتوو دەكات.

## تەوەری دووەم/ ڕۆڵی بەڕێوبەر لەسەر پەرەپێدانی مامۆستایان

ئەم تەوەرە (14) بـڕگەی لەخۆگرتـووە, كەئەنجـامی بۆچـوونی مامۆسـتایان لەسـەر بڕگەكـانی ئەم تەوەرە نیشـاندەدات, كەتایبەتە ڕۆڵی بەڕێوبەر لەسەر پەرەپێدانی مامۆستایان، وەک لەخشتەی (4-1) خراوەتەڕوو:

**خشتەی (4-2)**

ناوەنـدی شـیاو وكێشـی سـەدی تێڕوانینـی مامۆسـتایان ڕۆڵـی بەڕێـوبەر لەسـەر پەرەپێـدانی مامۆسـتایانی بـابەتە كۆمەڵایەتیەكان ڕووندەكاتەوە:

| ژ | بڕگەكان | پلە | ناوەندی شیاو | كێشی سەدە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | كەشـێكی پەروەردەیـی بـۆ وانەوتـنەوەی مامۆسـتایان درووست كردووە | 4 | 2.178378 | 0.72 |
| 2 | لە بۆنەتایبەت و كۆمەڵایەتییەكانی مامۆستایان هاوكارو بەشداری دەكات. | 10 | 1.967568 | 0.65 |
| 3 | هەوڵی بەرزكردنەوەی ئاستی زانستی مامۆستایان دەدات | 11 | 1.897297 | 0.63 |
| 4 | بۆچـونی مامۆسـتایان لە بەڕێـوەبردن و پێشخسـتنی قوتابخـانەدا بەهەند وەردەگرێت | 3 | 2.194595 | 0.73 |
| 5 | لێپرسـراویەتی بەسـەر مامۆستایان بەپێی پسپۆڕی و شـارەزاییان دابەشكردووە. | 7 | 2.140541 | 0.71 |
| 6 | هاندان بەكاردەهێنێت بۆ زیاتر گەشـەپێدانی لایەنی پەروەردەیی و زانستی مامۆستایان | 14 | 1.832432 | 0.61 |
| 7 | كـار بـۆ بەشـداریكردنی مامۆسـتایان لە خـولی شـییاندن تـایبەت بە | 9 | 1.972973 | 0.65 |



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | پەروەردەو فێرکردن دەکات. | | | |
| 8 | ئامادەسازی دەکات بۆ مامۆستایان لە بەکارهێنانی ڕێگاو شێوازی نویێ وانەوتنەوە . | 8 | 2.12973 | 0.70 |
| 9 | ئاگاداركردنەوەی مامۆستایان لە هەندێک لاوازی پێش وەخت بەمەبەستی چاكسازیکردن. | 5 | 2.167568 | 0.72 |
| 10 | کێشەکانی مامۆستایان لەلەقوتابخانە بەشێوەیەکی زانستی چارەسەر دەکات. | 2 | 2.210811 | 0.73 |
| 11 | شێوازی یەکسانی و دادپەروەری بەکار بهێنێت لەگەڵ مامۆستایان. | 12 | 1.864865 | 0.62 |
| 12 | وانەکان بە پێی پسپۆری بەسەرمامۆستایان دابەش دەکات . | 1 | 2.086486 | 0.93 |
| 13 | یاساکان بە شێوەیەکی یەکسان لەنێوان مامۆستایان جێبەجێدەکات. | 6 | 2.145946 | 0.71 |
| 14 | هەڵسەنگاندنی مامۆستیان دەکات لەسەرجەم لایەنەکانیەوە. | 13 | 1.833442 | 0.61 |
| تێکڕا | | | 2.044474 | 0.69 |

بەپێی زانیارییەکان کەلەخشتەی (٤-٢) داهاتوە تایبەت بە ڕۆڵی بەڕێوەبەر لەسەر پەرەپێدانی تواناکانی مامۆستایانی بنەڕەتی کە لە(١٤) برگە پێکدێت کە تێکڕای ناوەندی شیاوی تەوەرەکە بەگشتی (٢,٠٤) وەکێشی سەدی (٦٩.) ئەم ئەنجامەش دەری دەخات بەشێوەیەکی گشتی بەڕێوەبەرەکان لەسیستەمی نوێی فێرکردندا ڕۆڵیان هەیە لەسەر پەرەپێدانی توناکانی مامۆستایان.

بەڵام هەندێک لەبرگەکان ناوەندی شیاوەکەیان لە(٢) کەمترە ئەمەش لاوازی ڕۆڵی بەڕێوەبەر دەردەخات وەک برگەکانی (٢،٣،٦،٧،١١،١٤) کەتێکڕای ناوەندی شیاویان لەنێوان (١,٩٧- ١,٨) وەکێشی سەدیان لەنێوان (٦٥.- ٦١) کەواتە بەڕێوەبەر پێویستە گرنگی بەپەرەپێدانی تواناکانی مامۆستایان بدات، بەشێوەیەکی پەروەردەی هاوکار بێت لەگەڵ مامۆستایاندا وەک لەتوێژینەوەی (حسن و صدیق: ٢٠١٤) بەناونیشانی بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیاری پەروەردەی باسکراوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## تەوەری سێهەم/ ڕۆڵی بەڕێوبەر لەسەر پەرەپێدانی فێرخوازان

ئەم تەوەرە (10) بڕگەی لەخۆگرتووە, کەئەنجامی بۆچوونی مامۆستایانی باباتەکۆمەڵایەتیەکان لەسەر بڕگەکانی ئەم تەوەرە نیشاندەدات, کەتایبەتە بە ڕۆڵی بەڕێوبەر لەسەر پەرەپێدانی فێرخوازان، وەک لەخشتەی (4-3) خراوەتەڕوو:

**خشتەی (4-3)**

ناوەندی شیاو وکێشی سەدی تێڕوانینی مامۆستایان ڕۆڵی بەڕێوبەر لەسەر پەرەپێدانی فێرخوازان ڕووندەکاتەوە:

| ژ | بڕگەکان | پلە | ناوەندی شیاو | کێشی سەدە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | کۆش دەکات لەپێناو بەرزکردنەوەی توانای زانستی فێرخوازان | 5 | 2.075676 | 0.69 |
| 2 | گرنگی بە پەروردەکردنی کەسایاتی فێرخوازان دەدات | 9 | 1.804322 | 0.60 |
| 3 | هەوڵی دەرخستنی تواناکانی فێرخوازان دەدات | 10 | 1.794595 | 0.59 |
| 4 | بەشێوازێکی هێمن و ڕێزدار هەڵسوکەوت لەگەڵ فێرخوازان دەکات | 7 | 1.935135 | 0.64 |
| 5 | کار دەکات بۆ دروستکردنی کێبڕکێ و پێشکەوتن لە نێوان فێرخوازان | 3 | 2.118919 | 0.70 |
| 6 | بەڕێگای زانستی هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی فێرخوازان دەدات | 4 | 2.081081 | 0.69 |
| 7 | گرنگی بە بەکارهێنانی جۆرەکانی هەڵسەنگاندنی فێرخوازان دەدات | 8 | 1.92973 | 0.64 |
| 8 | ئامادەسازی بۆ ئەنجامدانی زۆرترین چالاکی لەناو پۆل و دەرەوەی پۆل دەکات . | 6 | 1.951351 | 0.65 |
| 9 | پاداشتی فێرخوازەسەرکەوتوەکان دەکات | 2 | 2.188919 | 0.70 |
| 10 | گرنگی بە جیاوازی تاکایەتی فێرخوازان دەدات | 1 | 2.162162 | 0.72 |


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

| | | |
|---|---|---|
| 0.662 | 1.997189 | تێکڕا |

بەپێی زانیارییەکان کەلەشتەی (٤-٣)داهاتوە تایبەت بە ڕۆڵی بەڕێوەبەر لەسەرپەرەپێدانی توانای خوێندکار، کەلە (١٠) برگە پێکهاتوە، لێرەدا بەڕێوەبەر بەشێوازێکی گشتی ڕۆڵی لاوازە لەبەر ئەوەی تێکڕای ناوەندی شیاوی (١,٩٩) وەکێشی سەدی(.٦٦) لێرەدا پێویستە بەڕێوەبەر پەیوەندیەکی نزیکەی و هاوکاری و ئامۆژگاری کاربێت کاربکات لەسەرپەرەپێدانی تواناکانی خوێندکار لەڕوی زانیاری و لێهاتوی وویژدانی، وەک (الاتاحە:٢٠١٣) لەکتێبی( الادارە المدرسیە ناجحە)ئاماژەی بەڕۆڵی بەڕێوەبەر لەسەر گەشەپێدانی تواناکانی خوێندکار کردوە.

## تەوەری چوارەم/ ڕۆڵی بەڕێوبەر لەسەر لایەنی پەیوەندیدار بە خێزان و کەسوکاری فێرخوازان

ئەم تەوەرە (14) برگەی لەخۆگرتووە, کەئەنجامی بۆچوونی مامۆستایان لەسەر برگەکانی ئەم تەوەرە نیشاندەدات, کەتایبەتە لایەنی پەیوەندیدار بە خێزان و کەسوکاری فێرخوازان ، وەک لەخشتەی (4-4) خراوەتەڕوو:

**خشتەی (4-4)**

ناوەندی شیاو وکێشی سەدی تێڕوانینی مامۆستایان ڕۆڵی بەڕێوبەر لەسەر پەرەپێدانی لایەنی پەیوەندیدار بە خێزان و کەسوکاری فێرخوازان ڕووندەکاتەوە:

| کێشی سەدە | ناوەندی شیاو | پلە | برگەکان | ژ |
|---|---|---|---|---|
| 0.64 | 1.924324 | 9 | گرنگی بە ئاستی هوشیاری خێزانی فێرخوازان دەدات | 1 |
| 0.65 | 1.972973 | 8 | کار دەکات بۆ باشترکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەنێوان خێزانەکان و قوتابخانەدا | 2 |
| 0.69 | 2.075676 | 5 | هوشیار کردنەوەی خێزانەکان لەسەر پەروەردەکردنێکی درووست بۆ نەوەکانیان | 3 |
| 0.72 | 2.162162 | 1 | گرنگی بەبۆچونەکانی خێزانەکان دەدات لە بەرەوپێش چونی قوتابخانەدا | 4 |
| 0.71 | 2.156757 | 2 | هەوڵی کاراکردنی ئەنجومەنی دایکان و باوکان دەدات بۆ پێشخستینی تواناکانی قوتابخانە | 5 |
| 0.61 | 1.837838 | 10 | هەوڵی ڕەخساندنی پێشکەش کردنی هاوکاری دەدات لەلایەن | 6 |



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | خێزانەکان . | | | |
| 7 | سوودمەند بووە لە تواناکانی خێزانەکانی فێرخوازان بۆ گەشەپێدانی پرۆسەی فێربوون لە قوتابخانە. | 4 | 2.085676 | 0.69 |
| 8 | بەشداری بە خێزانەکان دەکات لەبۆنە تایبەتییەکان وەک بۆنەی نەتەوەی و ئاینی. | 3 | 2.086486 | 0.69 |
| 9 | سیمینارو کۆڕی پەروەردەیی ساز دەکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری خێزانەکان. | 11 | 1.778378 | 0.59 |
| 10 | کار دەکات بۆ گۆڕینی ڕەفتاری فێرخوازان لەڕێگەی بەرپرسانی فێرخوازان. | 7 | 2 | 0.66 |
| 11 | کێشەکانی فێرخوازان چارسەرە دەکات بە هاوکاری خێزانەکانیان. | 6 | 2.005405 | 0.66 |
| تێکڕا | | | 2.00688 | 0.66 |

بەپێی زانیارییەکان کەلەخشتەی (٤-٤)دا هاتوە تایبەت بە ڕۆڵی بەڕێوەبەر لەسەر لایەنی پەیوەندیدار بەخێزان و کەسوکاری خوێندکار کەلە(١١) برگەپێکهاتوە لەئەنجامدا ڕۆڵی بەڕێوەبەر لەسەر ئەم لایەنە کاردانەوەی هەیە لەبەر ئەوەی ناوەندی شیاوی (٦..٢) کێشی سەدیش (.٦٦) لێرەدا دەردەکەوێت کەبەڕێوەبەر کاریگەری هەیە لەسەر خێزان و کەسوکاری خوێندکار، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لەبرگەکان لەخوار پێوەری پەسەندی (٢) ئەمەش وەک برگەکانی (١،٢،٦،٩) کە ناوەندی شیاویان لەنێوان (١،٩٧- ١،٧٧) وەکێشی سەدیان لەنێوان (.٦٥-.٥٩) دایە، وەک (الاتاحە: ٢٠١٣، ل٢٠) لەکتێبی ( آلادارە المدرسیە ناجحە) دا باسی پەیوەندی بەڕێوەبەر بە خێزان و کەس و کاری خوێندکار دەکات، پێویستە ڕاوێژیان پێبکات و هۆشیاریان بکاتەوە لەیارمەتیدانی منداڵەکانیان.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## ٢.شیکردنەوەی ئامانجی دووەم

**خشتەی (٤-٥)**

تاقیکردنەوەی تیتێست بۆ گۆڕاوی پەروەردەکان ڕوون دەکاتەوە

| پەروەردەکان | | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای بەڵگەداری | ئاستی بەڵگەداری | نمرەی ئازاد |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پەروەردەی ڕۆژهەڵات | 79 | 2.009049774 | 0.022197857 | 1.314939572 | 0.05 | 50 |
| پەروەردەی ڕۆژئاوا | 106 | 2.05680777 | 0.016881276 | | | |

بە پێی ئەو زانیاریانەی کە لە خشتەی (6-4)خراوەتە ڕوو سەبارەت بە کاریگەری گۆڕاوی (پەروەردەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) لەسەر تێڕوانینی مامۆستایان لەسەر ڕۆڵی بەڕێوەبەر لەسیستەمی نوی لەسەر گەشەپێدانی پرۆسەی خوێندن ،کە جیاکراوەتەوە بەپێی تەوەرەکانی ڕاپرسییەکە.دەرکەوت بەپێی بەهای بەڵگەداری (1.314939572) کە گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری(0.05) واتە جیاوازی نییە لە بۆچوونیان.بەرامبەر کاردانەوەی بەڕێوەبەرەکان لەسیستەمی نوێ پەروردە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## ئەنجام

### بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکە ئەم ئەنجامانە دەخرێتەڕو:

١.بەشێوەیەکی گشتی بەڕێوەبەر ڕۆڵی هەیەلەسەر پەرەپێدانی سیستەمی کارگێڕی، پەیڕەوی یاساکانی خوێندنگە دەکات گرنگی بەلایەنی کەسایەتی خۆی ئەدات و بەڕێوەبەرێکی سەرنج ڕاکێشە، لەگەڵ پێشهات و گۆڕانکارییەکان ئامادەسازی دەکات، پلانی هەیە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی خوێندنگە. بەڵام بەتێڕوانینی مامۆستایانی بنەڕەتی بەڕێوەبەر لاوازە لە ئەنجامدانی پێشبڕکێ لەنێوان خوێندنگەی خۆی و خوێندنگەکانیتر، هەروەها پرس وڕاوێژ ناکات بەکەسانی پسپۆڕ و شارەزا بەمەبەستی بەڕێوەبردنێکی سەرکەوتو.

٢-بەتێڕوانینی مامۆستایانی بنەڕەتی سەبارەت بەڕۆڵی بەڕێوەبەر لەسەرپەرەپێدانی تواناکانی مامۆستایان ئەوە بەڕێوەبەر ڕۆڵی هەیە لەپەرەپێدانی تواناکانی مامۆستایان بەئامادەکردنی کەشێکی پەروەردەی بۆ وانەوتنەوەی مامۆستایان و بۆچونی مامۆستایان بەهەند وەردەگرێت بۆ پێشخستنی لایەنە جیاوازەکانی خوێندنگە وەلێپرسراوێتیەکانی دابەشکردوە بەسەر مامۆستایاندا بەپێی پسپۆڕی و شارەزاییان، هەوڵی داوە بۆ بەکارهێنانی ڕێگاوشێوازی نوێی وانەوتنەوە، بەڵام پێویستە بەڕێوەبەرەکان گرنگی بدەن بە بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان مامۆستایان وەک بەشداری کردنی بۆنەکانی یەکتری.

٣-بەڕێوەبەر ڕۆڵی لاوازە لەسەر پەرەپێدانی تواناکانی خوێندکار بەشێوەیەکی گشتی وەک لەهەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی لایەنی زانستی خوێندکار وهەوڵی دەرخستنی تواناکانی خوێندکار، دروستکردنی زۆرترین چالاکی ناوپۆل و دەرەوەی پۆل.

٤-بەڕێوەبەر بەشێوەیەکی گشتی ڕۆڵی هەیەلەسەر پەرەپێدانی لایەنی پەیوەندیدار بەخێزان و کەسوکاری خوێندکاران، گرنگی بەبۆچونی خێزانەکان دەدات و هۆشیارکردنەوەیان بۆ پەروەردەیەکی تەندروست، کاردەکات بۆ گۆڕینی ڕەفتاری خێزان

٥.هەرچەندە گۆڕنکاریەکان لە سیتەمی پەروردە لە پەروەردەی ڕۆژهەڵاتەوە دەستی پێکرد ،بەڵام لەدەرئەنجامدا مامۆستایانی هەردوو پەروردەکە بۆچونیان نزیک بوو لەیەکەوە سەبارەت بە ڕۆڵی بەڕێوبەرەکان لەگەشەپێدانی پرۆسەی خوێندن.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## ڕاسپاردەو پێشنیازەکان:

بەپێی دەرئەنجامی توێژینەوەکە چەند ڕاسپاردەو پێشنیازێک دەخرێنەڕوو بۆ مەبەستی گرنگیدانی زیاتر بەڕۆل و کاراکردنی بەڕێوبەر لە گەشەپێدانی پرۆسەی خوێندن:_

١.خاڵی گرنگی بەڕێوەبەر لەسیستەمی کەرگێڕیدا بریتییەلەجێبەجێکردنی یاساکانی خوێندنگە.

٢.بەڕێوەبەر هەوڵ بدات هەمیشەو بەردەوام هەڵسەنگاندن بۆ کارەکانی بکات ،بۆ ئەوەی ئاستی گەیشتن بەئامانجەکان بزانرێت.

٣.کەسایەتی بەڕیوەبەر لە دەرکردنی بڕیارەکان و چونیەتی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ڕەنگ دەداتەوە.

٤.بەڕێوەبەرەکان پێویستان بەڕاپرسی وڕاوێژ هەیە لەکاتی بەڕێوەبردندا یان بۆهەرکارێکی نوێ.

٥.پێویستە بەڕێوەبەر شارەزای لە هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی هەبێت بەردەوام بەکاری بهێنێت بۆ مامۆسایان و خوێندکاران و ژینگەی خوێندنگە.

٦.گەشەپێدانی لایەنی کەسایەتی و تواناکانی فێرخوازان بەشێکی گرنگە لە سیستەمی خوێندن، بەڕیوەبەرەکان دەبێت ڕۆڵی کارابیبن لەو بوارەدا.

٧.شارەزای هەبێت لەچۆنیەتی هەڵس و کەوت کردن لەگەڵ فێرخوازانی بنەڕەتی لەبەرئەوەی سەرەتایی بونیاتنانی کەسایەتیانە.

٨.هەوڵی بەکارهێنانی هاندان بدات هەم بۆمامۆستایان و فێرخوازان بۆ مەبەستی گەشپێدانی پرۆسەی فێربوون ،چونکە هاندان باشترین شێوازە بۆ کاراکردنی کرداری فێربوون.

٩.ئەنجامدانی چالاکی لە خوێندنگەکان لەناوپۆل و دەرەوەی پۆل هۆکارێکی گرنگە بۆ کاراکردنی کرداری فیربوونو دەرخستنی تواناکانی فێرخوازان پێویستە بەڕێوبەرەکان هەوڵی زۆرترین چالاکی بدەن

١٠.پێویستە زۆرترین کۆڕو سیمناری پەروەردەی ئەنجام بدات،بۆ مامۆستایان و کەسوکاری فێرخوازان لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری خێزانەکان و زیاتر ئامادەکردنی مامۆستایان بۆ پرۆسەی فێربوون.

١١. توێژینەوەی زیاتر ئەنجام بدرێت لەسەر ڕۆڵی بەڕێوەبەرەکان بۆ ئاستە جیاوازەکانی تری خوێندن.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

# The Role of Managers in New Educational System in the Development of Educational Process from the Basic School Teachers′ Perspective in the Centre of Sulaimani City

**Azhi Hama Qazi Rahim**
Department of Social Sciences، College of Basic Education، University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region,Iraq.
E-mail: azhi.qazi@unvisul.edu.iq

**Kurdistan Mohamed Azad Hassan**
Department of Social Sciences، College of Basic Education، University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region,Iraq.
E-mail: kurdrdistan.azad@univsul.edu.iq

**Abstract**:

This study is structured into four chapters; the first is an introduction part that includes aims, objectives, limitation, and concepts of the research. The second will be on the theoretical framework which contains the concept of manager, its rolls and roll of manger in modern studying systems; it also concentrates on three researches as a brief literature review on the topic of this paper. Then, it moves on to the methodological chapter. The fourth chapter discusses and describes the findings, restates and summarises the results from the research process.

This research aims at conducting the teachers' perceptions about the role of managers upon developing the teaching process in the basic schools of Sulaymanyah (2019 - 2020). Based on the study aims, the researchers relied on a descriptive manner. The research sample concluded all teachers from both eastern and western education directorate of Sulaymanyah. The sample size set as (185) of all teachers from both education directorates which are (1246) teachers.

Based on the literature review, a close-ended questionnaire is chosen as a suitable approach to collect data among participants, in addition, 52 questions were prepared and divided by over four clauses


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

such as (management system, teacher developments, student developments, and relatives' side of students. After the prepared questionnaire, validity was assessed by experts and it was (0.81). Then, for the purpose of the research reliability, the questionnaire was repeated upon participants and it was resulted (0.84) using Person ‹Correlation Coefficient. Furthermore, in order to analysing collected data, present a meaningful result and discus detailed findings, this study benefitted from many statistical tests including (weight variation test means, arithmetic average (using SPSS. Finally, it was reached to a set of conclusions, including the role of managers was positive in three aspects in managing, developing teachers' ability and related sides of student relatives). On the other, their roles were negative on developing students. Another result was that there was no different opinion among teachers from both eastern and western education directorates.

**Key words:** Role, Manager, Modern studying system.

# دور المديرين في النظام التربوي الجديد في تطوير العملية التربوية من وجهة نظر معلمي المدارس الأساسية في مركز مدينة السليمانية

**ئەژی حەمە قازی**

قسم العلوم الاجتماعية ، كلية التربية الأساسية ، جامعة السليمانية ، السليمانية ، اقليم كردستان العراق.

**ئیمەیل:** azhi.qazi@unvisul.edu.iq

**كوردستان محمد ئازاد حسن**

قسم العلوم الاجتماعية ، كلية التربية الأساسية ، جامعة السليمانية ، السليمانية ، اقليم كردستان العراق.

**ئیمەیل:** kurdrdistan.azad@univsul.edu.iq

**ملخص البحث:**

يتكون البحث من أربعة فصول ، الفصل الأول تعريف بالبحث يحتوي على الهدف من البحث وأهمية البحث مع مجال البحث و تعريف مفهوم البحث والمصطلحات الخاصة بالبحث أما الفصل الثاني يتكون من الإطار النظري الخاص بمشكلة البحث والذي يتكون من أربعة محاور وهو مفهوم المدير ، دور المدير ، ودور المدير في نظام التعليمي الجديد ، البحوث السابقة وهي ثلاثة بحوث قريبة من عنوان البحث .أما الفصل الثالث يتكون من منهج البحث وأخيراً الفصل الرابع يحتوي على عرض النتائج مع التوصيات والمقترحات اللازمة .الهدف من البحث التعرف على دور المدراء في تطوير العملية التعليمية في مدارس التربية الاساسية في مركز محافظة السليمانية من وجهة نظر المدرسين والمدرسات، للسنة الدراسية (2019-2020)، واستخدم الباحثان المنهج الوصفي بالاسلوب المسحي وذلك لملاءمته لطبيعة البحث، وتم تحديد مجتمع البحث من جميع المدرسين والمدرسات في كل من المدیریه التربية (القاطع لشرقی و الغربی ) والبالغ عددهم (1246) مدرساً ومدرسةً، وتم اختيار (185) منهم كعينة للبحث،وبذلك بلغت نسبة العينة (15.11٪) من المجتمع الكلي، وبعد اطلاع الباحثانعلى المصادر والمراجع العلمية والبحوث المختلفة ذات العلاقة بالبحث قاما باعداد استمارة استبيان لغرض جمع المعلومات والبيانات اللازمة من عينة البحث والمتكونة من (52) فقرة مقسمة على أربعة



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

محاور(نظام الادارة، تطوير المدرسين والمدرسات، تطوير المتعلمين، الجهة المعنية باولياء امور المتعلمين)، واستخدم الباحثان الاسس العلمية للمقياس، حيث كان صدق المقياس (0.81) من خلال عرض المقياس على مجموعة من الخبراء والمختصين، وبالنسبة لثبات المقياس استخدم الباحثانطريقة الاختبار وإعادة الاختبار حيث كان ثبات المقياس (0.84) باستخدام معامل الارتباط بيرسون، وبعدها طبقت مقياس الاستبيان بصورتها النهائية على عينة البحث، وبعد استرجاع المقياس قام الباحثان بتفريغ وتحليل المقياس من اجل معالجتها احصائياً، من خلال الحقيبة الاحصائية (SPSS)، وقد توصل الباحثان الى الاستنتاجات الاتية: أولا ظهور دور ايجابي للمدراء في ثلاثة محاور وهي (نظام الادارة، تطوير المدرسين والمدرسات، الجهة المعنية باولياء امور المتعلمين)، ثانياً ظهور دور ضعيف للمدراء في محور (تطوير المتعلمين)، ثالثا عدم وجود فروق في أراء المدرسين والمدرسات في كل منالمدیریە التربيةالقاطع لشرقی و الغربی.

**الكلمات المفتاحية :** دور، المدير، تطوير العملية التعليمية.

## سەرچاوەكان:


ئاڤان عبداللەحسن،ڕێژینئومێدصدیق،نازەنینعوسمانمحمد،**بەڕێوبەروسەرپەرشتیاریپەروەردەی**(٢٠١٤)چاپخانەی‌یاد.

میهرئارا، علی ئەكبەر میهرئارا و ئەوانیتر: و/ قادر وریا(٢٠٠٥)، **مێژووی پەروەردە وفێركردن**، مەكتەبی بیروهۆشیاری ی.ن.ك.

كۆمەڵێك نوسەر، و/ سەلام عبدالكریم(٢٠٠٩)**سیستەمی پەروەردەی لەوڵاتانی ئەسكەندەنافیا** : چ١، چاپخانەی سایە.سلێمانی.

قەرەداغی ، هۆمەر قەرەداغی(٢٠٠٥)**سیستەمی فێركاری**،چ١.

قادر ، ڕەمەزان حەمەد ئەمین قادر( ٢٠١٨)**ڕێگاكانی وانەوتنەوەو(شێوازە تیۆری و پراكتیكییەكان)**، چ٢ ،كتێبخانەی سۆفیا-كۆیە.

عەبدولقادر، عەبدولعەزیز عومەر عەبدولقادر(٢٠٠٥)**بەئاشتیكردنی پەروەردە و فێركردن**، چ١ ، سلێمانی.

سیوەیلی ، ئیدریس سیوەیلی (٢٠١٤)**مامۆستای كارامە ووانەوتنەوەی سەركەوتوو** ، چ١،سلێمانی، چاپخانەی شڤان.

**ڕێبەری بەڕێوەبەرانی سەركردە** (٢٠١٩) ئا/ گرووپی كاری ئامادەكردنی ڕێبەری بەڕێوەبەرانی سەركردە.

حیلمی ، مەریوان سلاح حیلمی(٢٠٠٨)**پەروەردە وگۆڕین** ، چ١،سلێمانی.




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

آبولبده،سعد (١٩٧٩) **مبادء القياس النفسى والتقويم التربوى للطالب الجامعى**،كليه التربيه،مطبعهجمعيه عمال المطابع التعاونيه،عمان،ط1.

الاتاحة،(٢٠١٣)**الادارةالمدرسيةالناجحة**.صحيفةالوطنالبحرينية،الاتاحة:2013/3/22الادارةالمدرسية.منتديات تربوى.

الاسدى و ابراهيم: سعيد جاسم الاسدى و مروان عبدالمجيدابراهيم(٢٠٠٣)**الاشراف التربوى**،ط١، الاردن.

حامد، عارف إبارهيم(٢٠١٣)**تقييم أداء المدير كقائد تعليمي من وجهة نظر معلمي المدارس الأساسية في مدينة القدس**، كلية التربية ،دائرة المناهج والتعليم جامعة بيرزيت- فلسطين.

الروسان،فاروق (١٩٩٩) **اُساليب القياس و التشخيص فى التربيه الخاصه**، دارالفكر للطباعة،عمان،ط1

الزوبعى،عبدالجليل ابراهيم محمد اَحمدغنام (١٩٨١) **منهاهج البحث فى التربيه**،الجزوالاول بغداد.

صليوو، سهى نونا صليوو(٢٠٠٥)**الاشراف والتنظيم التربوى**،ط١، دارصفاللنشر والتوزيع، عمان.الاردن.

عابدين، محمد عبدالقادر عابدين(٢٠٠٣)**الاداره المدرسيه الحديسه**، ط٢، دارالشرق النشر وتوزيع، عمان-الاردن.

عابدين، محمد عبدالقادرعابدين( ٢٠٠٥)، **الآداره المدرسيه الحديسه**، ط١، دارالشروق- الاردن.

عبدالحميد، صلاح محمد عبدالحميد اسرار النجاح (٢٠٠٩)**اسرار النجاح** ، دار العلوم للنشر و التوزيع، الطبعة الاولى ،سن.

العدوى(٢٠٠٨)**دور مديريادارس من ظاهرةالعنف لدى طلبة الثانويةمحافظات غزةوسبل تفعيله من وجهة نظر المعلمى.**

مصطفى ،صلاح عبدالحميد (٢٠٠٢)**الادارة المدرسية في ضوء الفكر الاداري المعاصر** ، دار المريخ للنشر ، الرياض.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

المعيار،محمد حسن (٢٠٠٢)**مبادئ الادارة المدرسية**،دار الميسرة للنشر و التوزيع،والطباعة الثالثة،عمان،الاردن.ص.

ملحم،سامى محمود (٢٠٠٥)**القياس و التقويم فى التربيه و علم النفس** ،دارالمسيرهللنشر والتوزيع و الطباعه،عمان ،الاردن،ط2.

نوحلى ،على آحمد عبدلله (٢٠١٠)**دور مديرى المدارس فى رفع كفايات المعلمين** ،مجلة جامعة دمشقعدد –26.

www.Encyclopedia.com



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper4 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020